# لە شاری هەولێر پێشانگای نێودەوڵەتی جوانکاری و جلوبەرگ کرایەوە

لە شاری هەولێر پێشانگای نێودەوڵەتی جوانکاری و جلوبەرگ کرایەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە پێنجەمین پیشانگای نێودەوڵەتی جوانکاری و جلوبەرگ بە ئامادەبوونی 135 کۆمپانیا لە 15 وڵاتی ئەوروپی و جیهانی کرایەوە.

پیشەنگایەکە جۆرەها کەرەستەو شت و مەکی جوانکاری ئافرەتانی لە خۆی گرتبوو کە مارکە جیهانیەکانیش تێدا بەشداربوون.

ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لەبارەی کردنەوەی ئەم پێشانگایە ڕایگەیاند، کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ زیندوویی بازاڕ لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش لە چوارچێوەی کار و سیاستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە بواری بۆ کرانەوەی بازارو کەرتی تایبەت فەراهەم کردووە.